کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:14 25-4-2007

# مەرگی دوعا مەرگی ویژدانی کورد ... ڕزگار ڕەزا چوچانی

ئەوە و ئێزدی بوون نیە مەراسیمی بێگیان کردنی تەنها کیژیك بۆ دڕندەکان سازدەکات، ئیسلام بوون نیە ئافرەت دەسوتێنێت، جولەکە و مەسیحی بوون نیە عەشق دەکاتە مایەی سەر شۆڕی، هێندەی کوردبوون و عەقڵی کوردانەمانە وامان لی دەکات لە درۆش گەورەتر ئەو پاساوە بۆ ویژدانی خۆمان بهێنینەوە، کەوا لە خۆمان بگەیەنین مرۆڤ کوشتن و بەکەم بینی ژن، نەریتی نەتەوە سەر دەستەکانمانە بۆمان ماوەتەوە، خۆ سەردەستەکانمان دوورنین و دەیان بینین بەدەر لەشەڕی دەسەڵات و دین و



پارە، خۆفەڕزکردنی ڕەگەزەکانی مرۆڤ ناچار بە یەکتر کوشتنیان ناکات، مەگەر حاڵەتێکی دەگمەن، کە بەهۆی نەخۆشی تاکێکیانەوە ڕوودات، بەڵام لەناو کورددا دوای ئازادبوونی وڵاتیان لە دەستی بێگانەو ژێردەستەبوونەوەی وڵاتیان لە سایەی خودی سەردەستە کوردەکان، ژن کوشتن و خۆ کوشتن ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو سەرەوە دەڕوا بەبی ڕاچڵەکانی دەسەڵات لە هەمبەری، لە هەموو کارەسات و تراژیدیاکان کە کورد خۆی بەسەر ناوبانگ و مرۆڤبوونی خۆیدا هێنابێتی، دوینی کوشتن و مەرگ سەپاندن بوو بەسەر پەپولەیەك بەناوی"دوعا" لەلایەن کۆمەڵی دڕندەی هاوعەقڵ و هاوزمان و هاووڵاتمان لەبراکوردە ڕەسەنە ئێزدیەکانمان، ئێزیدیەکان بەو کارەیان توانیان بەبێ پەردە و بێ فێڵ، ئەسڵی عەقڵی کورد پێشان بدەن بەکوشتنی دوعا بەشێوەیەکی کوردئاسا و دڕندەئاسا، بەوەش هەموو قسە زلەکانی کورد لە بارەی مرۆڤدۆستی و یاسا سەرەری و ئازادی پەرستی بوون بە بڵقی سەر ئاو و ئاشکرابوو چ دڕندەیەکین، چەندە لە مرۆڤبوونەوە دورین، چەندە بێعەقڵ و چەندە نەزانین. دوێنی بە مەرگ سەپاندن و لەژیان بی بەشکردنی فریشتە و پەروانەیەك بەکۆتاهێنان بە ژیانی دوعا کۆتا بەقسەکردن لەسەر نەریتی جوانی کورد هات مەرگی دوعا مەرگی لە مێژینەی ویژدانی کوردی پاشکرا کرد و فەڕزی کرد چۆن لەئەسڵدا ئەم بانگەشانە بوونیان نییە، ئاواش نابی باس لە مرۆڤبوونی خۆمان بکەین. ڕوون بۆوە جگە لە دڕندەیەکی خۆپەرست هیچی تر نین، جگە لە کائینێکی نێرپەرست هیچی تر نین، بە کۆتاهاتنی ژیانی فریشتەیەك بە ناوی دوعا، گەر بەسەر خۆمانی بهێنین و لێی تێبگەین، کۆتا بەناوبانگی کورد هات، ئەو ڕاگەیاندنانەش کە بۆ بچوکترین شت فەوزا دروست دەکەن، لە بەرامبەر هەڵوەراندنی ڕۆحی پەپولەیەکدا بێدەنگ بوون، ئەمە لە ڕووداوەکە مایەی شەرمەزری زیاترە بۆیان، مردنە بۆ نوسەرە مرۆڤدۆستەکان سەرشۆڕییە بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئافرەتان، گەر بەعەمەلی بەدەنگ نەیەن، نەك تەنها بەقسە و بەیاننامەیەکی نوسراو لە جێیەکی گەرم و نەرم. کوشتنی دوعا کوشتنی ویژدانی خاوەن ویژدانەکان بوو، دوعایەك بوو بۆ زیاتر ڕەشکردنی دڵمان لەم گۆڕەپانی مرۆڤ کوشتنە، کە ناوی کوردستانە. من لەو ڕۆژەوە کە ئەو دڕندەییە ئەنجام دراوە، چاوەڕێم بۆبیستنی بڕیارێکی مەردانە و مرۆڤانە لە دەسەڵات، بەڵام نەمبیست، پێدەچی پاساوی دەسەڵاتی کورد ئەوە بی کە ئەو جەنگەڵستانەی ئەو کارەی تێدا ئەنجام درا، لە ژێر دەسەڵاتیان نییە، بەڵام منیش لێیان دەپرسم بۆچی دوێنی کە هەڕەشە هاتە سەر پیاوانی یەزیدی، توانیان هێز ببەن و هەڕەشەش بکەن لەوانەی وەزعەکە تێك دەدەن، بۆ ئەمڕۆ ناتوانن باس لەو وەحشیگەریە بکەن، کە لە بەرامبەر دوعا بەرپاکرا؟ چاوەڕی بووم ڕیکخراوی ئەو ژن و ئافرەتانەی کە بارەگاکانیان لە ئارایشگا و چایخانەی ئافرەتان زیاتر، لە هیچی تر ناچی، بە دەنگ بێن و بڕژێنە سەرجادەکان بۆ کوێرکردنی چاوی دڕندە کوردەکان، وێنەکانی دوعا لە هەموو قوشبنێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەم وڵاتە بدەن. چاوەڕێ بووم مردنی فریشتەیەك ببێتە دەرفەت بۆ ناچارکردنی عەقڵی کورد بۆ بە خۆدا چونەوە، بەڵام بەداخەوە دوعای دایکە جگەرسوتاوەکانی ئەم وڵاتە، دوعای برسی و ڕەش و ڕووتەکانی کورد دوعای مەزڵومەکان و منداڵە شەهیدەکانی پارتی و یەکێتی، دوعای لەئەنفال بەجێماوەکان، شۆڕشگێڕە پشت گوێخراوەکان، دوعای بریندارەکانی هەڵەبجە، چەندە کاری لەسەر ویژدان و بڕیاری ویژدان مردووە کاربەدەستەکانی ئەم وڵاتە هەبوو، تراژیدیای مەرگی دوعا خانمیش هەر هێندە کارتێکەر دەبی، ئەوان ژیانکردن و پارە کۆکردنەوە و سەردان و پیاسە کردنەکانی ئەوروپا کوێری کردوون، نایانەوی مردنی سەدان دوعا ببینن، نەوەك ویژدانی تۆپاویان بە ئاگا بێتەوە، کەڕن و نایبیستن و گوێی پێنادەن، بی هەستن و هەستی پێناکەن، بەڵام دەبی دەستەڵاتدارەکانی کورد زۆر باش بزانن و ئافرەتە سفور و عەقڵ لێسەندراوەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان بزانن، کە لە بەرانبەر ترژیدیایەکی وەهادا، بە هیچ کام لە بیانوی لەژێردەسەڵات و کۆنترۆڵ نەبوون و هیچ شتی تر قەرەبووی ئەو شەقەیان پێناکرێتەوە، کە بێدەنگی و بێهەڵوێست بونیان لای خاوەن ویژدانەکان تێیان هەڵدەدات، ئەبی بزانن بێدەنگییان ناچارمان دەکات بەقەدەر گەورەیی خەونەکانی، بەر لە ئاشکرابونی عەشقی دوعا و هێندەی گەورەیی ترسی ناخی، دوای ئاشکرابوونی عەشقی دوعا لای مرۆڤە بێویژدانەکان و بارتەقای گەورەیی و ناشیرینی دڕندەکان و هێندەی قوڵیی ئازارەکانی دوعا ڕقمان لێتان بی و نەفرەت لەو قەدەرەش بکەین دەسەڵاتی ئێمەی دا بە ئێوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.